**وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**

**بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری**

**ڕینمایی ژمارە(٢)ی ساڵی ١٩٩٨**

بەمەبەستی ساناکردن و راپەڕاندنی ئیش و کارەکانی چاپەمەنی ئەم وەزارەتەو بەچاپ گەیاندنی بەرهەمە گرنگەکانی نووسەرو شاعیرو هونەرمەندەکانی هەرێمی کوردستان، بەپێویستی دەزانین پاش ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنووسراوی ژمارە (٧٦٠)ی ڕۆژی ١٩٩٨/٢/٢١ز ئەم ڕێنمایاتەی خوارەوە دەربکەین:

**بڕگەی یەکەم:-**

١- بۆ گەیشتنە ئامانجە سەرەکیەکانی لەچاپدانی بەرهەمی ئەم توێژانەی سەرەوە بێ جیاوازی لیژنەیەک لەدیوانی وەزارەت بەناوی لیژنەی هەڵسەنگاندن بۆ چاپکردن و یارمەتی دانی نووسەران و شاعیرو هونەرمەندان پێک دێت.

٢- لیژنە بۆی هەیە دەستنووسەکان بۆ شارەزا (خبیر)ێکی ئاگاداری بابەتەکە بنێرێت بۆ شیاووی و نەشیاووی لەچاپدانی.

٣- دانەر (نووسەر)لەسنووری ٥٠٪ تا ١٠٠٪ یارمەتی چاپکردنی بەرهەمەکەی پێ بدرێت.

٤- دەبێ نرخی تێچوونی یارمەتی دراو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپخانەی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان خەملاندرابێت.

٥- وەزارەتی رۆشنبیری بڕیار لەسەر ئەو ژمارانە دەدا کەبەبێ پارە بەنووسەری دەدرێن بەمەرجێ لەنێوان ١٠٪ تا ٢٥٪ی لەچاپ دراو زیاتر نەبێت کەڕاژەکەی لە (١٠٠٠) هەزار دانە زیاتر نییە، وەزارەت لەسەر ڕەزامەندی دانەر بەبێ پارە بەدەزگا رۆشنبیرییەکان دەبەخشێ.

٦- پارەی تەرخان کراو بۆ یارمەتی لەچاپ دانی بەرهەمی دانەر دەکرێتە دووبەشی وەک یەک.

**بەشی یەکەم:-**

پاش ئەوەی دانەر بەڵێن دەدات بەمانگێک دوای ڕەزامەندی لەچاپدانی بەدانەر دەدرێت، بەشی دووەمیش پاش ئەوەی ژمارە بەخۆڕایەکانی بەلایەنی لەچاپ دانی دەدرێت پارەکە بەدانەر دەدرێت.

٧- شارەزا (خەبیر)بۆ هەر مەلزەمەیەک لەو دەستنووسەی بۆی ناردراوە بڕی (٥٠) دیناری پێ دەدرێت، بەمەرجێ کۆی ئەو پارەیەی پێ دەدرێت لە (٢٠٠) دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠) دیناریش زیاتر نەبێت.

٨- دەبێ لیژنەی هەڵسەنگاندن و لەچاپدان و یارمەتی دانی نووسەران بۆ هەر کۆبوونەوەیەکییان دەرماڵەی (١٠٠) دینار بۆ هەر ئەندامێکیان هەبێت.

٩- بڕیارەکانی لیژنە پاش ڕەزامەندی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێن.

**بڕگەی دوو:-**

ئەو دەستنووسانەی لەسەر ئەرکی وەزارەت بڕیاری لەچاپدانیان دەدرێت، پاش ئەوەی بەڵێن (تعهد)لەگەڵ نووسەرەکەی بەسترا بەم شێوەیەی خوارەوە پارەی بۆ خەرج دەکرێت:-

١- ئەو بەرهەمانەی داهێنانیان تێدایە وەک(چیرۆک، ڕۆمان، شانۆگەری، شیعر) بۆ هەر مەلزەمەیەکییان (٢٠٠) دینار تا (٣٠٠) دینار خەرج دەکرێت.

٢- بۆ هەر ووشەیەکی (بیانی) وەرگێڕدراو بۆ سەرزمانی کوردی یان زمانێکی تری خۆماڵی هەرێمی کوردستان بڕی (١٠٠) دینار تا (٢٠٠) دینار خەرج دەکرێت.

٣- وەرگێڕانی لەزمانی کوردی یان زمانێکی خۆماڵییەوە بۆ زمانێکی تری - بیانی - بڕی (٢٠٠) دووسەد فلس تا (٢٥٠) دووسەدو پەنجا فلس بۆ هەر ووشەیەکی لەپەرتووکی وەرگێڕدراو پێ دەدرێت بەمەرجێ ئەم وەرگێڕانە لەسەر داوای وەزارەتی رۆشنبیری بێت.

٤- بڕی پارەی (٢٠٠) دووسەد دینار تا (٢٥٠) دووسەدو پەنجا دینار بۆ هەر مەلزەمەیەک لەبابەتی لێکۆڵینەوەو دراسات بۆ نووسەری پەرتووک خەرج دەکرێت.

٥- بڕی پارەی (٢٠٠) دووسەد دینار تا (٤٠٠) چوارسەد دینار بۆ هەر مەلزەمەیەکی - کتێبی تایبەت بە - ئەکەلتووردامەیی - التراث المحققة - و لێکۆڵینەوەی شوێنەواری و خوێندنەوەی مێژووی زمانە کۆنەکان نموونەی زمانی (بسماری) بۆ نووسەر خەرج دەکرێت.

بڕی (١٠٠) سەد دینار تا (٢٠٠) دووسەد دینار بۆ هەر مەلزەمەیەک دەدرێت بەنووسەری بەرهەمی چاپکراو ئەگەر بەتێ کتێبەکەی کۆکردنەوە - الجمع - نەبێت وەک بابەتەکانی فۆلکلۆری و بیلۆگرافیاو ...هتد.

٧- هەرکەسێ وەزارەتی رۆشنبیری داوای نووسینەوەی بابەتێکی لێ بکات لە (٥٠٪) پاداشتی بۆ سەرباری بەرهەمکەی دەکرێت.

٨- لەسەر داواو پێشنیاری لیژنەی (چاپکردنی کتێب و یارمەتی دانی نووسەر) بۆ وەزیری رۆشنبیری هەیە پاداشتی (٢٠٠٠) دووهەزار دینار تا (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار بەو دانەرە بدات کەبەرهەمەکەی تایبەتمەندی و داهێنانی لێ وەدی دەکرێت.

٩- (١٠٠) سەد دانە لەبەرهەمی چاپکراو لەلایەن وەزارەتەوە پێشکەش بەدانەر دەکرێت.

١٠- بێ ڕەزامەندی وەزارەتی رۆشنبیری لەنووسەر - قەدەغەیە - دووبارە کتێبەکەی لەچاپ بداتەوە.

١١- دەبێ وەزارەت لەسەر نرخی فرۆشتن - السعر المدون علی الغلاف - رازی بێت.

**بڕگەی سێیەم:-**

١- لە (١٥٪)ی پارەی تەرخـــانکراو بۆ لەچاپدانی بەرهەمی نووســـەر لەئەرکی وەزارەت بە - ئەدیب - دەدرێت کە بەدەستنووسەکەدا دەچێتەوە. - المراجع -.

٢- (٢٠٠) دووسەد دینار تا (٣٠٠) سێ سەد دینار بەسەرپەرشتی زمانەوانی - المشرف اللغوی - دەدرێت ئەگەر نووسینەکە بەزمانی ناوچەیی بوو، (٣٠٠) سێ سەد دینار تا (٥٠٠) پێنج سەد دینار ئەگەر بەزمانێکی زیندووی جیهانی بوو.

٣- (٢٥- ٤٠) بیست و پێنج تا چل دینار بۆ هەر مەلزەمەیەک بەچاککردنەوەی هەڵەی چاپ (مصحح) دەدرێت.

٤- بڕی (٢٥ - ٥٠) بیست و پێنج تا پەنجا دینار بۆ هەر مۆنۆتیفێک (تخطیطات او لوحات الکتاب) لە بەرهەمەکە بلاوکرابێتەوە بۆ هونەرمەندەکەی خەرج دەکرێت.

٥- (١٠) دە دینار بۆ خۆشنووس کەلەکتاب بلاوکرابێتەوە خەرج دەکرێت.

٦- (٢٠ - ٥٠) بیست تا پەنجا دینار بۆ هەر وێنەیەکی لەکتاب بلاوکرابێتەوە خەرج دەکرێت بەمەرجێ بۆ یەکەم جاربێت.

٧- (٤٠) چل دینار بۆ (تصمیم)ی کتێب بۆ هەر مەلزەمەیەک بەمەرجێ لە (٥٠٠) پێنج سەد دینار زیاتر نەبێت.

٨- (٢٠٠) دووسەد دینار تا (٢٥٠) دووسەدو پەنجا دینار بۆ نەخشەساز (مصمم) خەرج دەکرێت.

٩- لە (١٥٠ - ٢٥٠) دینار بۆ نەخشەساز - مصمم - ی بەرگ خەرج دەکرێت بەمەرجێ بەشێوەیەکی هونەری ڕازاندرابێتەوە.

**فلک الدین کاکەیی**

**وەزارەتی رۆشنبیری**

**١٩٩٨/٣/٢٥**